# دڵنیاتان دەکەم کە خوا کوردە

ریکپۆش عەزیز
rekposh_3@yahoo.com



بەر لە هەر شتێک بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم، کە گفتو گۆ کردن لە هەر یەک لەکایە مەعریفیەکاندا بێ، پێویستی بە زانیاریی و خوێندنەوەی زۆر هەیە و کەس بە بێ بنەما ناتوانێ خەتی راست و چەپ بەسەر کایەیەک لەو کایە مەعریفیانەدا بهێنێ، بەتایبەتیش ئەگەر شتێ پەیوەندی هەبێ بە رەچەڵەک و کەلتووری خۆمان وەک کورد. یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی کە من لێرەدا باسی لێوە دەکەم مەسەلەی میتۆلۆژیا و ئاین و رەگەزە کە لە بواری رۆشنبیرییماندا کەمترین ئاوری لێ دراوەتەوە. چونکە پاراستنی کەلتووری هەر گەلێک و رێگەنەدان بە تەفرووتوونا کردنی لەلایەن زۆرداران و نەیارانەوە، خزمەتێکە بۆ رۆشنبیریی ئێمەی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا. ئەو پرسانەی کە هەتا ئێستا لەمەڕ ئاین لە بواری رۆشنبیریی ئێمەدا لە ئارادان، زیاتر گرێدراوی سەردەمەکانی ئیسلامن، وەک ئەوەی کە ئێمەی کورد لەگەڵ پەیدا بوونی ئاینی ئیسلامدا هاتبینە بوون. کەچی لەهەمان کاتدا ئاینی ئێزدی کە ئاینێکی رەسەنی کوردیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە 300 پ. ز ئەو کاتانەی کە سروشت سەرچاوە بووە بۆ سەر هەڵدانی ئاین. چونکە لەو دەورانە سەرەتاییەدا ئاسان بووە دیاردە سروشتیەکان زاڵ بێت بەسەر مرۆڤداو کاریگەری لەسەر دابنێ، سەرچاوەی باوەڕەکەی دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕەکانی هیندۆ ئیرانی، هیندۆئەورووپی و میزۆپۆتامیا. هاوکات لەگەڵ شارستانیەتی سۆمەریەکان و بابلیەکان هەبووە، خوای رۆژ لای سۆمەریەکان کە پێی دەڵێن (دینگیر أوتو) هەمان خوای رووناکیە لای ئێزدییەکان بەناوی شێخ شەمس کە خودی مەلەک تاوسە، هەروەها شێخ سن خوای مانگ هەمان خوای میسۆپۆتامیایە بەناوی( نانا) بەسۆمەری وبە بابلی( سین) کە خوای منداڵبوون و بەرهەم بووە لای ژنان و هەروەها خاتوونە فخران لای ئێزدیەکان خوای منداڵبوونە وەهەروەها [1] من پێم وایە پشت گوێ خستنی ئەم سامانە کولتووریەی خۆمان بۆشیایەکی گەورەیە لەناو پانتایی رۆشنبیرییدا و پێویستە ئاورێکی جدی لە میتۆلۆژیای کورد و ئاینەکەی بدەریتەوە. هەرچەندە جەمال نەبەز، شاکر فەتاح، سادق بۆرەکەیی و نووسەرانی تر کەم و زۆر کاریان لەسەر کردوە، بەلام هەست دەکەم نەبوونەتە مەسەلەیەکی جدی لە ناو رۆشنبیراندا،بۆ ئەوەی بە شێوەیەک کە هەموو نەوەکانی کۆمەڵگە لێیان سودمەند بن. ئەمرۆ لە خوێندگاکاندا میتۆلۆژیای ئاینی ئیسلام وەک راستیەکی رەها بە نەوەکانمان دەوترێتەوە، کەچی لە بەرامبەردا هیچ لەبارەی میتۆلۆژیای ئاین و ئاینزاکانی کوردی وەک ئێزدی و کاکەیی و عەلەوی ناوترێنەوە.

پێش چەند حەفتە لەمەوبەر لە رۆژی 2007/3/19 من بابەتێکم لە سایتی "دەنگەکان"دا بەناوی " زمانی خوا زمانی کوردیە، بۆیە من دەمەوێ ببمەوە بە ئێزدی" بلاوکردەوە. ئەم بابەتە بووە مایەی تورە بوونی هەندێک نووسەر و خوێنەر و هەندێکی تریش زۆر بە هێمنی داوای دیالۆگ و ئارگوومەنت و بەڵگەیی زیاتریان کرد. یەکێک لەوانە نووسەری بەرێز بەرێزە بەناوی فاتمە عومەر ریشاوی بەبەتێکی لە ژێر ناوی "تا ئێستا زمانی عەرەبی زمانی خوا بوو وا زمانی کوردیشی هاتە سەر" چەند سەرنجێکی خۆی لەمەڕ بابەتەکەی من نووسیوە. من لێرەدا هەوڵ دەدەم وەڵامی سەرجەم بۆچوونەکانی بدەمەوە.

سەرەتا بابەتەکەی من لەسەر روانگەکانی میتۆلۆژیای ئێزیدی بوو وەک ئاینێکی سەربەخۆی رەسەنی کوردی و روانگەی ئەفراندن و پەیوەندیەکانی ژن و پیاو. هەرچەندە کە ئەمە تەنیا ئێزدییەکان

---

[1] دکتۆر خلیل جندی ل10، 4، 39

ناگرێتەوە، بەڵکوو کاکەیەکانیش لە زۆر خاڵدا لەگەڵیاندا هاوبەشن، گومان لەوەدا نییە کە میتۆلۆژیای گەلێک بریتیە لە کۆڵەکەیەک لە کۆڵەکەکانی کەلتووری ئەو گەلە، کەلتووریش یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە گەلێکی پێ دەناسرێتەوە. لەبەر ئەوە تاوتوێکردنی قوڵ و لێکۆڵینەوەکەی بابەتیانە و زانستیانەی میتۆلۆژیای کورد خزمەتێکە لە پێناو خستنە رووی تایبەتکاریەکانی نەتەوەی کورد وەک کۆمەڵگەیەکی خۆ بە خۆ،[2] کە هەندێ کەس ئەم بۆچوونەی منی بە فاشییەت لێکداواتەوە و لەوانەش فاتمەخانیش پێی وایە من قەیرانی ناسنامەم هەیە. لە کاتێکدا من هیچ کام لەم دووانە نیم، بەڵکوو تەنیا مەبەستم خستنە رووی سامانێکی کەلتووریی و میللی خۆمانە. هاوکاتیش من لەوانە نیم کە پێم وابێ دەبێ کورد واز لە ئیسلام بێنێ و ببێتەوە ئێزدی، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە لە رێگەی خوێندنەوەی ئەو سامانە میتۆلۆژیی و کەلەپوورە مێژوویانەی خۆمان بخوێنینەوە و لە گشت ئەمانەش روانگەیەکی نوێ و بە سوود پێکبهێنینەوە. هەموو نەتەوەیەکی زیندووش سەرباری کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی جیهان، بیر لە ئەزموونە مێژوویەکانی خۆیان دەکەنەوە. بەداخەوە زۆرێ لەوانەی ئەو تۆمەتانەیان خستۆتە پاڵم خۆیان بە رۆشنبیر دەدەنە قەڵەم، ئاگایان لەو میتولۆژیانە نییە و پاساویش بۆ ئەم بێئاگاییەی خۆیان دەهێننەوەو بە بیانۆی ئەوەی کە ئەمانەی من باسم کردوون بە ئەفسانەی بێمانا لە قەڵەم دەدەن، کەچی هەر ئەو نوسەرە سێکولارانە ئەگەر لە ئەورووپا بژین و چەند قۆناغێکی خوێندنیان خوێندبی دەبێ بزانن کە میتۆلۆژیا شوناسێکی نەتەوی زۆربەی گەلانی دنیایە و تەنانەت بنەمای زۆربەی ناسیونالیزمی دنیا لەسەر ئەو میتۆلۆژیانەش دروست بووە،ئەم میتۆلۆژیا و کەلەپوورانە لە رێیی گەشەپێدانی زمانی ئەو نەتەوەیەوە بۆتە بەشێک بنەمایەکانی دەسەڵاتی سیاسی و یاسای ئەو وڵاتە. هەروا زیندوو کردنەوەی میتۆلۆژیا و کەلەپوور و سیمبوولە مێژوویەکان بە شێوەیەکی گشتی بناخەیەکی سەرەکین بۆ گشت تیرۆییەکانی ناسیۆنالیزم.

جێی خۆیەتی بپرسین: ئایا بە بێ میتۆلۆژیای ئاینی ئیسلام و جوولەکە چۆن دەمان توانی شوناسی دوونەتەوەی وەک عەرەب و جولەکە دیاری بکەین؟ ئایا بەبێ ئەم دوو ئاینە ئەو دوو نەتەوەیە بوونی دەبوو؟ لەلایەکی تریشەوە میتۆلۆژیای ئاینی هەمیشە وەک ناسنامەی زۆرێک لە نەتەوەکانی دنیایە. ئەگەر سەرنج لە میتۆلۆژیای یۆنانییەکان بدەین دەبینین ئەمە تایبەتمەندییەکە بۆ ناسینەوەی نەتەوەی یۆنان، یان ئاینی ڤیکینگەکان لە سوید دوو مەسەلەن گرێدراوی یەکن. لە ئەورووپاش ئاینی زەردەشت بە میتۆلۆژی ئێرانی ناو دەبردرێ و نەتەوەی فارسی پێ دەناسرێتەوە. ئەگەر سەرنجی ئەوە بدەین دەبینین کە لەسەدەی حەڤدەوە میتۆلۆژی ئێرانییەکان وەرگێردراوەتە سەر زمانەکانی تری ئەورووپا، بەڵام کاتێک رۆژهەڵاتناسەکان لە سەدەی هەژدە و نوزدەدا چوونە کوردستان پەیان بە ئاینی ئێزدی و کاکەیی و عەلەوی کوردان بردووە. دەبا لێرەدا لە پرسیاری یەکەمی نووسەر فاتمە وە دەست پێبکەین، کە دەڵێ: "ناونیشانی بابەتەکە نا ئومێدی لا دروست کردووم، نەک لەبەر ئەوەیکە نوسەر دەیەوێ ببێتەوە_بە ئێزیدی نەخێر، چونکە یەکەم هەموو کەس مافی خۆیەتی چ بیروباوەرێک هەڵدەبژێرێ وکەسیش بۆی نیە ئەو مافەی لێ زەوت بکا....،پاشان دەڵێت پرەنسیبی هەموو ئاینەکان لەیەک چاوگەوە سەرچاوە دەگرێت و یەک مەبەستی سەرەکیان هەیە .. پاشان دەڵێ نائومێدیەکەم لەوێوە دێ لەسەردەمێکدا کە مرۆڤایەتی رۆژ بەرۆژ بەرەو دیموکراسیەت و مرۆڤ دۆستی هەنگاو دەنێ ودیاردەی زمان بۆ خوا کە دیاردەیەکی زۆر کۆنە و پاشان دەڵیت سێکولاریزم دێت ئەم زمانەیان لێ دەسێنێتەوە، لە پیرۆز بوونی زمان قوتاریان دەکات".

سەبارەت بەوەی کە دەڵێی هەموو ئاینەکان یەک سەرچاوەیەیان هەیە من هەرگیز لەگەڵ ئەم بۆچوونەتدا نیم و پێم وایە جیاوازی زۆرە لە نێوان ئاینەکاندا و لێرەشدا ناحەقیەک دەبینم کە، تۆ لە ئاینی ئێزیدی وەک ئاینی کورد کردووتە. لە درێژەی وەڵامەکەمدا هەوڵدەدەم ئەو ناحەقیەت

---

[2] جەمال نەبەز، ل3

روونبکەمەوە. قسە کردن لەسەر میتۆلۆژیا لەم سەردەمەی ئێستاماندا هەرگیز مانای گەڕانەوە بۆ دواوە ناگەیەنێ. ئەوەی کە من دەڵێم خوا کوردە ئەوا بە پێی میتۆلۆژی کوردە کە لە ئاینی ئێزدی و کاکەیەکاندا هەیە، لەوێدا باس لە کورد بوونی خوا دەکات، لەبەرامبەردا عەرەبیش باس لە میتۆلۆژیای خۆی دەکا، کە خوا عەرەبە. ئێستاش نیوە زیاتری خەڵکی کورد عەرەب بوونی خوا بە راستییەکی رەهای دەزانن و پێیان وایە کورد بە موسوڵمانی لەدایک بووە. بەڵام ئەم نوسەرە سێکولارانەی کورد شتێکیان لەم بارەیەوە نەوتووە کە بۆ زمانی خوا گەر عەرەبی بێت ئەوا گەڕانەوە نییە بۆ دواوە؟ یان بۆ شتێکیان لەسەر ئەو نووسەرانە نەوتووە کە هەوڵ دەدەن کورد بکەنە زەردەشتی و بە پاشخانی کەلتووری ئێرانیەکانیەوە ببەستن ئەمە بە بەهەوڵی ناسیونالیزم و فاشیانەش لێکنەدراوەتەوە؟، بەڵام کاتێ من دەمەوێ بە پێی ئاینی کوردان بڵێم زمانی خوا زمانی کوردیە دەبێ ببێتە هۆی کارەسات؟ لەکاتێکدا میتۆلۆژی کورد مێژوویەکی دێرینتری لەوەی عەرەب هەیە، تەنانەت ئێزدییەکان هاوکات لەگەل سۆمەریەکان لە کوردستاندا بوون. چونکە چەند نوسینێکی ووێنەیی سۆمەری هەیە باس لە ئێزدییەکان دەکات. من لە دەرفاتێکی تردا دەیخەمە روو. هەروا بە پێی دەستنووسی نوسەرە ئێزیدیەکان، ئاینی زەردەشتی و مەزدەکیش کاری کردۆتە سەرئێزدییەکان، چونکە تاقمێک لە زەردەشتیەکان لە نزیک ئێزدییەکان ژیاوون بە ناوی ترهایا کە لە دێیەکانی دەوروبەری موسڵ نیشتە جێ ببوون"[3]

هاوکاتیش" دەفتەری پردیوەری"ی کاکەیەکان کە قسە و گوتاری سوڵتان سەهاک ە بەزمانی کوردی گورانی نوسراواتەوە، هەردوو کتێبەکەی ئێزدیەکانیش "مەسحەفی رەش" و "جەلوە" بە زمانی کوردیە و زمانی کوردی زمانێکی پیرۆزە لایان چونکە سەر دەستەی فریشتەکان و جێگری خوا کە لای کاکەیەکان بە" پیربنیامین" ی ناو دەبەن و لای ئێزدیەکانیش کە تاوسی مەلەکی ناو دەبەن نهێنیەکانی ئیزدانی بە زمانی کوردی گەیاندۆیەخەڵکەکەی، یەکێک لەو بەڵگانەی کە هەیە بۆ سالماندنی زمانی خوا کە زمانی کوردیە لە ئاینی کورداندا ئەوەیە کە رۆژۆوی مانگی رەمەزان لە بنەرەتدا سێ رۆژ بووە تاوسی مەلەک بە خەڵکەکەی راگەیاند کە کە خوا دافەرمووێ سێ رۆژ بەڵام لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەرو موسوڵمانەکان کوردیان نەدەزانی سێ رۆژەکە بووە سی رۆژ لەو کاتەوە سی رۆژ رۆژوو لەسەر موسوڵمانان ماڵە"[4]. بەڵام ئێزدییەکان تەنها سێ رۆژ بە رۆژوو دەبن.

تەنانەت زمان لای زۆربەی فەیلەسوفەکان رۆڵێلی گرنگ لە تایبەتمەندی بوونی مرۆڤ دەگێڕی و زمان دەبێتە خودی ناسنامە و بیرکردنەوەی مرۆڤ. کەواتە " ئەگەر زمان نەبووایە چۆن مرۆڤ دەیتوانی خۆی بەرجەستە بکاتەوە؟ ئایا هزر بێ زمان چۆن خۆی ئاوەڵا دەکاتەوە؟"[5] بۆیە مەسەلەی زمانی هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بوونی مرۆڤ و بیرکردنەوەیدا، ئیتر چۆن تۆ بە دیاردەیەکی کۆن ناوی دەبەی؟

من هێندەی مەبەستم هەڵگرتنی هەنگاوێکە بۆ پێشەوە هێندە مەبەستم نییە بگەرێمەوە دواوە. لێرەدا دەمەوێ دوو مەسەلەی گرنگ بووروژێنم: یەکێکیان ئەوەیە کە بڵیم ئێمەی کورد میتۆلۆژی و ئاینی خۆ بە خۆی خۆمان هەیە، کەواتە بۆ دەبێ ئەمرۆ ئیسلام بەسەر دەسەڵاتی سیاسی و یاسایمان لە کوردستاندا باڵادەست بێ؟ هاوکاتیش پێداگرتن لەسەر ئێزدی بوون رێگایەکە بۆ رزگار بوونمان لە باڵادەستی رەهای ئیسلام. ئەمەش بە مانای ئەوە نییە کە ئێمە موسڵمانان ناچار بکەین ببنە ئێزدی. هەروەک منیش دەزانم، کە ئەگەری بوونەوەمان بە ئێزدی بوون یان کاکەیی، بە دڵنیایەوە پێتان دەڵێم، نەک هەر زۆر زۆر مەحاڵە بەڵکوو هەر نیشە،چونکە دەبێ لە بنەڕەتەوە لە دایک و باوکێکی ئێزدی

---

[3] د.سدیق بۆرەکەیی، ل 5
[4] جەمال نەبەز ل 28، 27
[5] ل7 هەندرێن

لەدایک ببینەوە، ئینجا دەتوانین ببینەوە ئێزیدی. بەڵام مەبەستی من ئەوەیە، وەک چون عەرەب و جولەکە ئاینەکەیان کردۆتە سەرچاوە و رەچەڵەکی سیاسیی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، کوردیش دەتوانێ ئەو ئاین و میتۆلۆژییە خۆماڵیانەی خۆی وەک رەهەندێکی کەلتووری خۆماڵی زیندوو بکاتەوە و بنەمایەکی کەلتووری و سیاسیی نوێ لەسەریان بنیاتبنێ.
لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە: ئایا بۆچی هەموو ئەوانەی ئەمرۆ لە کوردستاندا بانگەشەی گەلی موسوڵمانی کورد دەکەن بە گەڕانەوە بۆ دواوە لێک نادرێتەوە، بەڵکوو دەشکرێتە ئەمری واقعی کۆمەڵگا، بەڵام کاتێ کە من بە بەڵگەوە لەسەر ئەمری واقعی کەلتووری میللەتێک دەدوێم بە کۆنە خواز و ناسیونالیزم لێک دەدرێتەوە؟ یان بۆچی گەر دیاردەی دیاری کردنی زمان بۆ خوا دیاردەیەکی کۆنە یان بە واتای فاتیمە خان ، میتۆلۆژیا باوی نەماوە، بۆچی ئەمرۆ لە پرۆسەی خوێندنی ئەوروپادا میتۆلۆژیای ئاینەکانی هەموو دنیا دەخوێنرێ؟ من لە سیستەمی خوێندنی وڵاتێکی وەک سوێد فێر بووم، کە کوردیش خاوەنی میتۆلۆژیا و ئاینی خۆیەتی، ئەویش ئاینی ئێزدیە. دەبا لێرەدا پرسیارێک ئاراستەی رۆشنبیران و دەسەڵاتدارانی خۆمان بکەین، بۆچی تا ئێستا ئەوە بۆ ماوەی شانزە ساڵ دابێت بەشێکی کوردستان ئازادە،کەچی ئاورێکی جدیمان لەم مەسەلەیە نەداوەتەوە؟ ئەبێ تاکەی ئێمە فەرهەنگ و کەلتووری ئیسلام وەک راستییەکی رەها بە نەوەکانمان بڵێینەوە؟ ئایا ئەمە لە ئایندەدا نامان خاتە بەر نەفرەتی نەوەی داهاتوو؟
ئەوانەی پاساوی واقع بۆ من دەهێنێننەوە،کە گوایە واقعی کۆمەڵگاکەمان ئیسلامە و ناکرێ باس لەم مەسەلەیە بکەین، بە حکومی ئەمری واقع کە فاتمە خانیش ئاماژەی پێ دەکات، بە لای منەوە ئەوە پاساوێکی ترسنۆکانەیە. من نەمووتووە خەڵک لەسەر ئەوەی کە ئیسلامن با لەداریان بدەین، وەک ئەوەی کە ئیسلام کاتی خۆی و ئێستاش بە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە کردوویەتی و دەیکەن. من دەڵێم دەبێ رۆشنبیری کورد ئاورێکی جدی لەو مەسەلە گرنگانەوە بداتەوە و بیکەیاتە بەشێک لە پرۆسەی خوێندن و ژێرخانی کەلتووریمان. چونکە ناسنامەی نەتەوەی ئێمەی پێوەیە. باشە ئەگەر ئاینی ئێزیدی گرنگ نییە، ئەی بۆ عەرەبەکان بەردەوام پەلەقاژەی ئەوەیانە بیکەنە هی خۆیان؟ بۆچی کاتی خۆی رژێمی بەعس و ئەمرۆش رۆشنبیرە شۆڤینیەکانی عارەب، وەک عەباس عەزراوی و ئەبوو سەعید عەبدولکەریم و چەندانی تریش، هەوڵیانداوە و هەوڵیش دەدەن ئاینی ئێزیدی بە یەزدی کوری معاوییەوە بلکێنن؟ تەناتەت عەرەب زەندەقی لەوە چووە کە کورد ئەمە زیندوو بکاتەوە چۆنکە ئەوان چاک دەزانن ئەمە گەوورە ترین سامانی نەتەوەی کوردە گەر زیندوو بێتەوە ئەوا کورد ناسنامەی نەتەوەی وایە کە کوردی پێ بناسرێتەوە وەک چۆن خۆیان و جولەکە ئەو ناسنامەیەیان بەهۆی ئاینەکەیانەوە وەرگرتووە، تەنانەت مەسەلەی ناسنامەی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد لەناو عارەبدا کراوەتە جۆرێ لە ئەفسانەو دەماو دەم بۆ نەوەکانی خۆیانی دەگێرنەوە، وە یەکێ لەوانە ئەوەیە .( کە دەگێرنەوە جارێک پیاوێک دەچێت بۆلای پێغەمبەری موسوڵمانان، پێغەمبەر کە چاوی بە پیاوەکە دەکەوێ زۆر لێی دەترسێ،لێی دەپرسێ ئەرێ کابرا تۆ خەڵکی کوێیت؟! ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ کوردم قوربان. پێغەمبەریش دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوەو لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە کە قەت کورد یەک نەگرن ، چونکە گەر بێت و یەک بگرن ئەوا دەبنە هۆی تێکدانی هەموو دنیا)[6] عەرەبەکان پەنا بۆ خواو ئەفسانە و شەرو هەموو شتێ دەبەن تا کورد تا ناسنامەی گەلی کورد وەک نەتەوە تێک بشکێنن کەچی ئەمرۆ نوێنەرانی سەرکردایەتی کوردی شانازی دەکەن بەو کورسیە کارتۆنیانەی لەناو حکومەت عێراقیدا وەریان گرتووە، وە ئەم هاوکاریەی کورد ئەو بۆچوونەی عەبدولسەلام جەللودم کە یەکێک بوو لە هاوکارەکانی موعەممەر قەزافی لە کۆبوونەوەیەک لە سوریا کە هەموو رێکخراوە سیاسیە کوردیەکان تیایدا بەشدار بوون ئەو یەکێک بوو لە میوانانی کۆبوونەوەکە، رووی کردبوە کوردەکان و پێی وتبوون "

---

[6] جەمال نەبەز ل 32

ئێوەی کورد عەرەبن ، بەڵام ئێستا بۆیە ئێوە دەڵێن کوردین، چونکە زوڵمتان لێ دەکرێ بەڵام کاتێ زوڵم لەسەرتان نەما ئەوا ئێوەش دەڵێن عەرەبین" ئایا ئەمە قسەی کابرای ئەو پیاوە نیە لە سەرکردایەتی کورد رووی داوە؟ وە دڵنیاشم ئەوە تەنیا کوردە ئەو ناسنامەیەکی خۆی وا هەرزان فرۆش دەکات بۆ چەند کورسیەکی کارتۆنی لە بەغداد، دەینا هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم کاتێ زوڵم لەسەر فەلەستینیەکان لاچێت خۆیان بە جوولەکە بدەنە قەڵەم[7].

ئەگەر هەندێ رۆشنبیریش پاڵی خۆیان بەوە لێداوەتەوە کە ئێمەی کورد سەر بە ئاینی زەردەشتین ئەوا من بەتەواوەتی گومانم هەیە، گەر هەندێکیش پێی وایە ئاینی ئێزیدی دوای ئاینی زەردەشتیەکان هاتۆتە ئاراوە ئەوا نوسەر ئێزدیی دکتۆر خەلیل جوندی بەتەواوەتی ئەم بۆچونەی پێ هەڵەیە ئەو دەڵێ راستە زەردەشتیەکان کاریگەری خۆیان لەسەر هەندێ لە ئێزدیەکان داناوە ، بەڵام ئاینی ئێزدی زۆر کۆنتر لە ئاینی زەردەشتی وە ئاینی ئێزدی زۆر ئاینێکی ئارام و سالمەو هەوڵی بڵاو کردنەوەو پروپاگەنسەی بۆ نادەن تا ئیمپراتۆریەت دروست بکات باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە لەناو خۆیان دەر ناچێ و تێکەڵاوی کەسانی دیش ناکەن. بەڵام وەک دەزانین زەردەشت لە" ئەترۆپاتن" کە شوێنی لەدایک بوونی خۆیەتی لە قەڵەم رووی مادیدا دوورخراوەتەو، بەهۆی پروپاگەندەکردنی بۆ ئاینەکەی. بۆ یەکەم جار بۆ لای خۆرهەڵاتی بانی"خۆراسان" و "ویشتاسب" کە ناوی لە ئاڤێستادا هاتووە فەرمەنرەوای ئەوێ بووە، ئاینەکەی زەردەشتی پەسەند کردوە و بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاینە لەوێ، وە بەڵگەی ئەمە لە ئاڤێستادا هەیە کە دەڵێ:

"روو لە کام خاک بکەم، بۆ کوێ برۆم، لەکوێ لە پەنایەک بگەرێم. خاوەن دەسەڵات و رێبەران دووریم لێدەکەن و لەوەرزێرەکانیش رازی نیم، لەو درۆ پەرستانەش کە فەرماندەرانی شارن، چۆن دەتوانم ئەتۆ رازی بکەم ئەی مەزدا"[8] کەواتە زەردەشت وەک ئێرانییەک، نەک کوردێک، بەهۆی دوورخراوەیی هاتۆتە کوردستان و دیارە پاش ئەمەش کۆڵی نەداوە و پەرەی بە بڵاو بوونەوەی ئاینەکەی خۆی داوە، سەر ئەنجام زۆرێک لە کوردی راکێشاوەتە سەر ئاینەکەی خۆی. کەواتە ئەوانەشی کە ئاینی ئێرانی بە ئاینی کوردیەوە دەبەستنەوە، هێندەی شوناسێکە بۆ نەتەوەی فارس وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ، ئەوەندە کوردی نییە. ئەو کوردانەی کە دەڵێن زەردەشتین دەبێ وەک نەتەوە شوناسی ئێرانی بوونیان هەبێ و لە هەموو دنیاشدا ئاینی زەردەشتی بە شوناسی ئێرانیەکان، واتە فارس دەناسرێتەوە. بەڵام لەبەرامبەردا ئاینی ئێزدی ئاینێکە کە نەتەوەی کوردی پێ دەناسرێتەوە یان با بڵێم شوناسێکە بۆ نەتەوەی کورد، هاوکاتیش ئاسەواری ئاینی ئێزیدی و کاکەیی لەناوماندا وەک بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر ماوەتەوە.

من بۆچوونێکی دیشم هەیە، ئەو دوالیزمی چاک _ خراپ ، بەهەشت_ جەهەندەم کە لە ئاینی ئێرانیەکاندا هەیە لە ئاینی ئێزدیدا نییە،کە من پێم وایە ئەمە هاوکاتە لەگەڵ سەپاندنی دەسەڵات لەلایەن زەردەشتیەکانەوە. دەکرێ زەردەشت پەی بەم دوالیزمە بردبێ لە پێناوی زیاتر سەپاندنی ئاینەکەیدا،واتا گەر نەبنە زەردەشتی ئەوا کاری خراپ دەکەن و دەچنە پاڵ ئەهریمەن، کە ئەویش بەرەو دۆژتان دەبا، واتا گەر باوەڕی جیاواز ترتان لەمەی من هەبێ ئەوا ئێوە خراپن. کەواتە زەردەشت ئەمەی بەکارهێناوە بۆ کردنی هەموو دەوروبەری خۆی بە زەردەشتی. پاشان لەسەردەمی داریوشدا ئاینی زەردەشتی بووە ئاینی ئیمپراتۆریەتی ئێران، بەڵام لە ئاینی ئێزدیدا بەهۆی پەیوەستی لە رادەبەدەری مرۆڤ بە سروشتەوە، یان سەرچاوەکەی لە سروشتەوە، سروشتی مرۆڤ بە هۆی باوەری جیاوە ناخاتە خانەی خراپ، تەنانەت لە ئاینی ئێزدی دا خراپیش رێژەیەکی رێژەیی هەیە و تاوسی مەلەک کە لای

[7]جەمال نەبەز ل 54
[8]مافی ژن ل 37

موسوڵمان و مەسیحی و جوولەکەکاندا بە شەیتان ناو دەبرێ بەو هۆی کە کڕنووشی بۆ ئادەم نەبردووە، بەڵام لای ئێزدیەکان بە جۆرێک لەمافی مەلەک تاوس لێک دەدرێتەوە. مانای خوا ئەوە لە هەموو بوونەوەرەکانی خۆی قبووڵ دەکات کە چ بریارێک بدەن، کەواتە لای ئێزدیەکان خراپە مانایەکی رەهای نییە، مانای ئەو کەسەشی کە خراپە لە رێی رۆحی دوونادوونەوە پاش هەزار و یەکجار رۆحی پاک دەبێتەوەو دەچێتەوە ئاستی ئێزدان (خوا).

فاتمە خان لە وتارەکەیدا دەڵی " ئەوەی من لە سێکولاریزم تێگەشتبم، هیچ نەتەوەیەک زمانی لەوەی دی باشتر نییە" من پێم وایە ئاینی رەسەنی کوردی زۆر سکولارە ئەمە وەک راستیەکی حاشا هەڵنەگر دەخەمە روو، چونکە بە پێی ئاینی ئێزدی دوو سەرکردایەتی دەسەڵات هەیە یەکێکیان ناوی سەرکردایەتی رۆحانییە کە ئەمانە ئەوەی تایبەت بێ بە ئاین و رێ و رەسمە ئاینیەکان شێخ و پیر دەگرێتەوە، ئەوی تریشیان کە سەرکردایەتی ئیداری و سیاسیە کە ئەمەیان لە ئەمیر و میر پێک هاتووە. هاوکاتیش دەسەڵاتی ئاینی بەهیچ شێوەیەک بۆی نییە خۆی لە کاروباری سیاسەت و ئیداریەوە وەربدات. ئایا ئەمە جەوهەری سێکولاریزم نییە؟ باشە کە ئێمە خاوەنی سامانێکی کەلتووری وا بین کە تەمەنی سکولاریزم کورد زۆر لە پێش ئەوەی وولاتانی ئەوروپاوەشە، باشە بۆ ئێمە ئەم رەهەندە کەلتووریەی خۆمان زیندوو نەکەینەوە؟! ئایا کارکردن لەسەر ئەمە بۆ دەبێ گەرانەوە بێت بۆ دواوە؟! بە پێچەوانەوە من بیناکردنەوەی سەرخانی کولتۆریمان لەسەر بنەمای ئەو پاشخانە کەلتووریە بە گەرانەوە بۆ دواوە نازانم، بەڵکو بەهەنگاوێکی زۆر شارستانیانەی دەزانم و چاکترین ئاسۆشە بۆ رزگار بوونمان لە ئاینی عەرەبی ئیسلامی لە دەسەڵاتی سیاسی و یاسادا.
سەبارەت بەوەی کە دەڵێی "بۆچی شارستانیەتی ئێزیدیەکان کاریگەری لەسەر میللەت و ئاینەکانی دی نەبووە یان هیچ نەبێ بۆ لەکاتی خۆیدا گوورێکی وای پێنەبەخشیوەکە بەرگریموسوڵمان بوونی تیا دروست کردایە"
سەبارەت بە برگەی یەکەمی پرسیارەکەت، دەبێ ئەوە بڵێم کە ئاینی ئێزدی و کاکەیی دەسەڵات سەپێن نین، مانای بکوژن لە پێناوی خوا یان دنیا داگیر بکەن لە پێناوی خوا، یان پرو پاگەندە بکەن تا خەڵکی دی بهێننە سەر دینەکەیان وەک ئەوەی کە لە ئیسلام و مەسیحی و جوولەکەدا هەیە. تەنانەت لە زەردەشتیەکانیشدا هەبووە، کە وێنای خوا هێزێکی ملهووڕی خۆپەسەندی زۆر دار نییە کە قسە هەر قسەی خۆی بێت و دۆزەخی دروست کربێ بۆ سوتاندنی خەڵکەکەی وەک لە ئاینەکانی دیدا هەیە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە ئاینی ئێزیدیدا خوا هێزێکی بیرکەرەوەو میهرەبانە کە راز و گەیی دەستکردە گیاندارەکانی خۆی دەگرێتە گوێ رەخنە و گازندەشیان لێ وەردەگرێ و دڵیان رادەگرێ و هەندێک جاریش چاو بە فەرمانەکانی خۆیدا دەگێرێتەوە و لەبەر خاتری مرۆڤ دەیانگۆرێ. من لێرەدا چەند نمونەیەک باس دەکەم
(بە پێی میتۆلۆژیای کاکەییەکان جارێکیان" فریشتە نەریمان " کە یەکێکە لە حەوت پاسدارەکەی ئێزدان ، یەکێک لە فەرمانەکانی خوای بە دڵ نەبوو ، بێزاری توندی لەدەست دەربری و تەنانەت لە رووشیدا وەستایەوە و وتی ئەمە بێدادیە، خوای گەورە حەقی بە فریشتە نەریمان دا و بریارەکەی خۆی گۆری. کاکەییەکان شتێکی تریشیان هەیە کە خوا لەسەرەتاوا سێ شەو سێ رۆژی یەک لە دوا یەکی رۆژوو بۆ دانابوون ، کە هەر کەس ئەم رۆژووانە نەگرێ لە هەردوو جیهان رزگاری نابێ، بەڵام یارانی خوا بە خوایان راگەیاند کە ئەم فرمانە زۆر گرانە بۆیان و تکایان لە خوا کرد کە چاوی میهرەبانانەی خۆی بەو بریارەدا بخشێنێتەوە، لەجیاتی ئەو سێ شەوورۆژە بۆیان بکات بە شەش رۆژ، خوا داخوازیەکەی جێبەجی کردن، ئێستا کاکەییەکان شەش رۆژ بە رۆژوو دەبن.

هەروەها بە پێی میتۆلۆژیای ئێزدیەکانیش جارێک تاوسی مەلەک حەزرەتی عیسای لە زینداندا بینی و لێی پرسی ئەوە کێ تۆی زیندان کردووە ؟! ئەویش لە وەڵامدا وتی خوا، ئەوجا تاوسی مەلەک حەزرەتی عیسای لە زینداندا ئازاد کرد ، بەڵام خوا لە رێگە حەزرەتی عیسای بینی و لێی پرسی ئەوە کێ تۆی بەرەڵا کرد؟! ئەویش لەوەڵامدا وتی " تاوسی مەلەک" خوا بێدەنگ ملی رێگەی خۆی گرت)[9].

باشە ئەمە ئەوپەری وێنای دیموکراسیەت نییە لە ئاینی کوردیدا؟؟ خۆزگا سەرکردایەتی کوردی بە پێی ئەم نەریتە کوردییە سەرکردایەتی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردی بکردایە نەک ئەو شێوە ملهوورییەی کە ئێستا دەیکەن.

سەبارەت بە وەڵامی برگەی دووەمی پرسیارەکە، دەڵێم ئەو هەموو دەورانە سەخت و کووشت و کوشتارەی کە بەسەر ئێزدیەکاندا یان با بڵێم بەسەر کوردا هاتووە یەک مێژووی زۆر دوورو درێژە لێرەدا باس کردنیان زۆر ئەستەمە، هەر لەبەر ئەوەشە خۆیان بەدوور دەگرن لە کەسانی نا ئێزدی هەوڵی بەنهێنی راگرتنی ئاینەکەیان دەدەن. چونکە لایەنگرانی ئەم ئاینانە هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش لەترسی ئازاروو راوەدوونان و بێبەش کردن لە مافی مرۆڤ ناچار بوون باوەرەکانیان بە دزیەوە بدەن بەیەک بە شێوەیەکی دەماو دەم و نەوێرن بیخەنە سەر کاغەز.

سەبارەت بەوەی کە دەڵێی ئەگەر کورد سوود لە لە بیری مرۆڤ دۆستی وەرنەگرێ و بیکاتە تێزێک بۆ مەسەلە نەتەوایەتیەکەی. یان نەیتوانیبێ سوود لە ئاینی ئیسلام وەر بگرێ کە دەگەرێتەوە بۆ هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوبەر وەک چۆن تورک و فارس و عەرەب سودیان لێ وەرگرتووە بۆ تێزی نەتەوەی چۆن لەم سەردەمی مۆدێرن و پۆست مۆدێرنەدا دەتوانی بگەرێتەوە بۆ دە هەزارساڵ لەمەو بەر؟!

من پێم وایە دۆزی مرۆڤدۆستی شتێکی ئەفسوناوی و شاراوەیە، کام دۆزی مرۆڤ دۆستی هەیە لە دنیادا خاڵی بێت لە هەویەتی نەتەوەیی؟ ، هێچ نەتەوەیەکیش نییە شوناسی نەتەوەی خۆی لەسەر نەتەوەیەکی دی بنیاد نابێت، ئێمەی بێئاگای کورد نەبێت. ئێرانییەکان پاش ئەوەی ئاینی ئیسلام لاتەکەیانی داگیر کرد هەوڵی بەردەوامی جدیان دا بۆ پاراستنی ئاینەکەیان، دوای ئەوەش مەسەلە مەسەلەی کۆنی زەمەن نییە هێندەی مەسەلەی روانگەی مرۆیی ئاینی ئێزدییە، ئەوی ئەورووپیەکان بە تایبەتیش شۆرشی فەرەنسا خەباتیان بۆ دەکرد هەمان ئەو سێکولاریزم و دیموکراسیەیە کە لە ئاینی ئێزیدا هاتووە، جا ئێمە کە خۆمان پێش فەرەنسیەکان خاوەندی رەهەندی سێکولاریزم دیموکراسیەت بین، ئیتر بۆ جێگەی شانازیمان نەبێ. مەبەستم ئەوەیە دەمەوێ بڵێم دۆزی مرۆڤدۆستیش لە بنەرەتەوە گرێدراوی رەگەزە وەک نەتەوە و لە هیچ ئاستێک لە ئاستەکانی ژیاندا لێی رەها نین، کێ هێندی لێنین خاکی رووسیە و گەلی رووسیا و زمانی خۆش دەویست، کە لە لوتکەی کۆمۆنیستدا بوو.

## دۆزی ژن

لەوەڵامی ئەوەی کە ئاینی ئێزیدی نەوەی ئادەم و حەوا نین، بەڵکوو نەوەی خودی ئادەمن. تۆ پێم دەڵێی: نازانم نووسەر وەک کەسێکی رووناکبیر داکۆکی کاری مافی ژنان بێ، چۆن پێی وایە کە ئەم میتۆلۆژییە کە حەوا لە نەسەب مەحرووم دەکات لە لە خزمەتی ئەو مەسەلەیەدا بێت."

بەرێزم من لێرەدا خوێندنەوەیەک بۆ میتۆلۆژیای کورد دەکەم نەک تێزی رادیکاڵ فێمێنیزم. هەروا هەڵە تێگەشتنێکیش لێرەدا هەیە، ئەوەی کە حەوا لەنەسەب مەحرووم دەکات ئاینی ئیسلام و مەسیحی و جوولەکەیە، نەک ئێزدی، ئەوە بە پێیی ئاینی جوولەکەیە کە حەوا لە دەستی چەپی ئادەم دروست

---

[9] جەمال نەبەز ل21

دەبێت، ئاینی ئیسلام و مەسیحیش پەراسوی چەپ. بەڵام بە پێیی، میتۆلۆژیای ئاینی ئێزدی حەوت جۆر ئادەم هەیە، وەئەوەی نەتەوی کوردی یان ئێزیدیەکانی لێکەوتۆتەوە ئەو ناوی" ئادەم قەدیمیەیە" کە خاوەنی خەسڵەتی پیاو و ژنە. کاتێ ئەم ئادەمە منداڵی هێناوەتە بوون لەیەک کاتدا کورو کچێکی هێناوەتە بوون، بەر لە پەیدا بوونی بوونی هەر نەوەیەکی دی لەسەر زەوی، بۆیە پێیان وایە کوردەکان یەکەمین نەتەوەی سەر رووی زەووین. هاوکتیش نەسەب تا ئەوکاتەی ئاینەکانی تر دەستیان بە کوردستان نەگەشتبووە لەسەر دایک بووە ،ئێستاش پاشماوەی ئەوەی کە منداڵ بەناوی دایکەوە بانگ بکرێ تەنیا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وەک سونەت دەبینرێ، کچی جوان و کوڕی ئازا ئێستاش ناوی دایک هەڵدەگرن وەک خولە پیزە. من باپیرم یەکێکە لەوانەی کە بەناوی دایکیەوە بانگ کراوە و بەناوی دایکیشیەوە ناسراوە . تەنانەت گومان لەوەدا نییە کە بەر لەوەی دەستی رەشی ئەو ئاینانە و شارستانێتی تر بە کوردستان بگات، ئەو قۆناغەی کە نەسەب لەسەر دایک بووە لە کوردستان و لەناو کوردا بووە[10] ئەوەی کە ئەمرۆ هەندێک لە لێکۆڵەروانی ژنان بە قۆناغی دایک سالاری ناوزەدی دەکەن. چونکە لەو کۆمەڵگە سەرەتاییانەدا کە پیاو دەرکی نەکردبوو بەوەی دەوری چییە لە منداڵ بووندا نەسەب لەسەر ژن بووە ئەم قۆناغەی دایک سالاری خاڵی بووە لە چەوساندنەوە و دەسەڵات بەسەر پیاواندا، تەنیا لەبەر ئەوەی نەسەب لەسەر دایک بووە، بە دایک سالاری ناو براوە. چونکە روانگەی مرۆڤ لەم سەردەمانەدا زۆر سروشتی بووە، بەڵام کە قۆناغی دووەم دەست پێ دەکات کە بە قۆناغی فەلۆکراتیزم ناوزەد دەکرێ، لەم قۆناغەدا پیاو دەرکی بەوە کرد کە دەوری چییە لە منداڵ بووندا. نەسەب لەسەر ژنەوە گوێزرایەوە بۆ سەر پیاو، هەروا پیاو هەر بەمەشەوە نەوەستا پیاو زەکەری خۆی کردە وەسیلەی چەوساندنەوەی ژن، سەرنج بدەنە جنێوەکان کە لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەیە، کۆمەڵگای ئێمەشی لێ بەدەر نیە، هەمووی لە زەکەری پیاوەوە دەست پێ دەکات بۆ لەشی ژن. هەموو ئاینەکانی تر بە تایبەتیش ئیسلام هەموو ژن دەکەنە ئامرازێکی سێکسی رووت بۆ پیاو، بەڵام بەرگێکی ئاینیان پێدا داوە ئەوە زەواجی موتعەو مسیارو سیغە،بەڵام ئاینی ئێزدی ژن ناکاتە ئامرازێکی رووتی سێکسی پیاوان، بگرە لەمەسەلە خوایی دەریدەکا و دەیکاتە مافی تاکەکان بە هەڵبژاردنی خۆیان. هاوکاتیش هەموو ئەوانەی کە خەریکی خواپەرستین بە پیاو ژنەوە ( چوون بە پێی ئەم ئاینە ژنیش وەک پیاو دەتوانی ببێتە ژنێکی ئاینی وەک قەشە لە ناو مەسیحیەکاندا) دەبێ بەدوور بن لەهەموولەزەتێک لە ژیاندا. جێی ئاماژە پێکردنیشە کە لە ئاینی کاکایەکاندا هەموو جارێک لەگەڵ درەوشانەوەی زاتی ئێزداندا کەلە ئەزەلەوە تا ئەبەد حەوت جار دەدرەوشیتەوە" یارانی هەق" دەردەکەون یەکێک لەیاران ژنە[11]. بەڵام لە هیچ کام لە ئاینەکانی دیدا بەتایبەت لە تەختی خوادا فریشتەی ژن بوونی نیە.

سەبارەت بەوەی کە دەڵێی خوا ژن و پیاوی لەیەک نەفس دروست کردوە و ئایەتێکت هێناوەتەوە. بەڵام بەداخەوە دەیڵم کە تەواوت نەکردووە"خلقكم من نفس واحدة و جعل منها زوجها، ليسكن اليها"[12] ئەمە ئەو خاڵە گرنگەیە کە تۆ ئاماژەت پێ نەکردوە" ليسكن اليها" بۆ ئەوەی ئارامی لێوەر بگرێ، کەواتە لە خزمەتیدا بێت. کەواتە بوونەکە لەبەر خاتری پیاوە، ئەمەش دەکاتە ئەوەی ژن ئاوەڵ کردار بێت نەک بکەر.

سەبارەت بەوەی کە دەڵێی حەوا نەبۆتە هۆی ئەوەی ئادەم سەرپێچی لە فەرمانی خوا بکات و بەو هۆیەوە لە بەهەشت دەر بکرێن، هیچ تێکستێکیش نییە لە قورئاندا ئاماژە بەوە بکات.

---

[10]جەمال نەبەزل30

[11]جەمال نەبەز ل30

[12]الاعراف 189

منيش دەپرسم سەبارەت بەم تێکستە دەڵێی چی کە دەڵێ"وقلنا يا ادم اسكن انت و زوجك الجنة وكلامنها رغداحيث شئتما ولاتقربا هذه الشجرة فتكونا من الظالمين[13]
تەنها کارێک کە نابێ بیکەن خواردنی بەرهەمی درەختێک بوو، بەهۆی ئەم حیکمەتەوە گرفتێ پەیدا بوو" فآزلهما الشيطان عنها[14]" بەهۆی لە خشتە بردنی حەواوە بە خواردنی سێوێک ئادەمیش لە خشتە برا بەم هۆیەوە هەموو ژنانی سەر زەوی کەوتنە بەر رق وهەرەشەی خوا بەهۆی ئەم هەڵەیەوە ژن سزای سووڕی مانگانە و منداڵ بوونی بەسەردا سەپا، ئیتر نازانم نوسەر چۆن خۆت لەم راستییە دەدزیتەوە و پاساو بۆ ئاینی ئیسلام دەهێنیتەوە؟
سەبارەت بە ژەهراوی بوونی هێلکەی حەوا بنەرەتی ئاینی ئێزدی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لەبەر ئەوەی ئاینەکانی دی ژن دەکەنە کۆپی پیاو وەک دەستی چەپ_ پەراسوی چەپ ئەوا لای ئێزدییەکان ئەمە ناتەواوی دەگەیەنێ و ئەوانیش ئەم ناتەواوییە بە ژەهراوی بوون دەردەبرن، پێشیان وایە دژی یاسای خەلق کردنی ژن و پیاوە بە شێوەیەکی سروشتی، بۆیە خۆشیان لەم کەسانە دەپارێزن کە خۆیان بە نەوەی ئادەم حەوا دەدەنە قەڵەم. لەبەر ئەوەی پێیان وایە ئەم کەسانە دەیانەوێ سرووشت ناشرین یان پیس بکەن، وا پێیان وایە ئەمە ناحەقیەکە دژ بە ژن. کەواتە خوێندنەوەی ئەم سروشتە لە لایەن ئەوانی ترەوە( مەبەستیم ئیسلام، مەسیحی جولەکە) لەسەر بنەمای بەکەم گرتن و بچوک کردنەوەی ژن ئەوا دژ بەیاسای رۆحی ئێزدانیشە، چونکە ئەگەر ژن لە پەراسوو یان دەستی چەپ دروست بێت، ئەوا ناتەواوی دەگەیەنێ و ئەم ناتەواویەش کارەساتە هەم بۆ مرۆڤایەتی و هەمیش بۆ سروشت. چونکە بە پێی ئاینی ئێزدی هەموو شتێ کە لە دنیای رۆحەوە هاتۆتە بوون[15]. هەروا ئەوەی کە ئێمە هەین لە ژیاندا، کۆپی دنیای رووحین. لە ناو گیانی هەریەکێک لە ئێمەدا رۆحی خوا هەیە، ئەخلاق و ئاکاری ئەو کەسەش کاریگەری دەبێ لەسەر رادەی پاک هێشتنەوەی رۆحەکەی ئێزدان، تەنانەی بە پێی ئاینی ئێزدی ئەو حەوت فریشتەیەی کە دەوریان هەبوو لە خەلق کردنی ژیان دیسانەوە خۆشیان لە رێی رۆحی دۆنا دۆنەوە چونەتەوە گیانی پیاوانی ئاینی ئێزدی، من لێرەدا روانگەیەکی ئەفلاتوونیانە دەبینم، هەموو بوونەوەرەکانی سەر زەوی سێبەری دنیای رووحن یان ئێزدانن، لەبەر ئەوە ناکرێ رۆحی ژن لە پیاو دروست بکرێت یان بەشێک بێت لە پیاو، ژنیش وەک پیاو دەبێ رۆحێکی سەربەخۆی هەبێ تا وەک پیاو و هەموو بوونەوەرێکی تر سەر بەخۆ بێت. هاوکات دوور کەوتنەوە لەوانەی کە ژن دەکەنە کۆپی پیاو باشترین رێگاچارەیە بەوەی کە بڵێن ئێمە لەو بەرەیە نین کە ژن بە کۆپی پیاو دەزانن یان دەیانەوێ دنیای رۆح( ئێزدان) بشێوێن. بەمجۆرە جۆری ئەم کۆپی کردنە لای ئەوان جۆرێ لە ژەهراوی بوونی ژنە. کەواتە لای ئێزدییەکان یەک مۆدێلی رەگەز رەت دەکەنەوە، بە هەمان شێوەش تیۆری فێمێنیزم یەک مۆدێلی رەگەز رەت دەکەنەوە، ئێزدییەکان پێیان وایە لەسەرەتای خوڵقاندنەوە ژن و پیاو لەیەک کاتدا دروست بوون مانی دوو مۆدێل لە رەگەز هەبووە. فێمێنیزمەکانیش پێیان وایە دوو مۆدێلی رەگەز هەیە و پیاو و ژن دوو بوونەوەری سەربەخۆن لە بنەرەتەوە. هاوکات مەسەلەی یەک مۆدێل لە رەگەز نەک هەر لە ئاینەکانی دیدا بەڵکوو لە مێژووی فەلسەفەی مرۆڤیشدا دووبارە سەر هەڵداوەتەوە.
ئەرستۆ یەکێک بووە لەو فەیلەسوفانەی کە واژەی یەک مۆدێل رەگەزی داهێناوە و ژنی کردۆتە کۆپییەک لە پیاو ، دەڵێ زێی ژن بریتیە لە بردنە ناوەوە _ هێنانە دەرەوە وەک بەرزبوونەوە_ نزم بوونەوەی زەکەری پیاو، هەروەها پێی وایە کە سپێرم لای ژن دەبێتە خوێنی سووڕی مانگانە و ژن ناتوانێ ئەو خوێنە لە لەشی خۆیدا بکاتە ئەو شلە سپیەی کە لای پیاو هەیە بەهۆی نزمی پلەی گەرمی لەشیەوە.

---

[13]البقرهة 35
[14]البقرة36
[15]مافی ژن ل130

ئەو پێی وایە منداڵان لای ژن تورەکەی گونی پیاوە، هێلکەدانەکانیش تۆوی گونن.[16] بە ڕێگای ئەو شیکردنەوانەوە، ئەرستۆ دەڵێ ژن پیاوێکی ناتەواوە یان هەڵەی سروشتە، وەک چۆن لە ئاینەکانی دیدا، دەڵێن ژن لە پیاو دروست بووە، فێمێنیزمەکان ئەمە رەت دەکەنەوە. لە هەمان کاتیشدا ئێزدیەکانش رەتی دەکەنەوە. کەواتە ئەمە خالیکی هاوبەشە لە نێوان میتۆلۆژیای کوردی و بەشێک لە روانگەی فێمێنیزمدا. پەیوەندیەکانی ژن وپیاو دیکۆتۆمی نیە(سیستەمی بەدوانە کردن) لە ئاینی ئێزدیدا پیاو رۆح بێت و ژن لەش پیاو فۆرم بێت و ژن کەرەستە پیاو کردەوە بێت و بەڵام ژن ئەوە ..هتد

سەبارەت بە خیانەی هاوسەری، من پێم وایە تۆ ئاگات لەوە نییە کە لەیاسای سزادانی عێراقیدا کە بنەماکای لە سەر ئاینی ئیسلامە و لە یەکێک لە بەندەکانیدا دەڵێ گەر ژنێ خیانەتی لە پیاوەکەی کرد ئەوا حەقی کوشتنی هەیە لەلایەن پیاوەکەیەوە بەڵام گەر پیاوەکەی ئەو کارە بکات دەبێ ژن شاهید پەیدا بکات بۆ سالماندنی ئەوەی کە هاوسەرەکەی لەگەڵ کەسێکی دیدا بووە. پاش ئەمە بۆی هەیە لەپیاوەکەی جیابێتەوە، ئەمەش تەنها گاڵتەجارییە و شتێکی مەحاڵە مانای چ پیاوێک بەدیار کەسێکی دیەوە دەچی لەگەڵ ژنێکی دیدا دەبێت. مەبەستم ئەوەیە گەر ئاینی ئێزدی لە بنەمای ئەم یاسایە بووایە ئەوا هیچ نەبێ سزادان و نەدانیان وەک یەک دەبوو.

یەک خاڵی تر کە بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێبکەم کە ئەوە کێشەی زۆربەی گەنجانی ئێمەیە لە کۆمەڵگادا،کە مەسەلەی رەدوو کەوتن یەکێکە لە داب و نەریتی ئێزدیەکان و بە چاوی تاوان سەیر ناکرێت کە دوو کەس لەگەڵ یەک برۆن و ئازادانە یەکتر هەڵبژێرن، کە ئەمە هەتا ئێستا لە ناو کوردە موسوڵمانەکاندا گەورەترین کێسەی گەنجانە، کچ لەسەر نامەیەکی دڵداری دەکوژن یان هەزاران بەو هۆیەوەی کە پێیان زانراوە پەیوەندی خۆشەویستیان هەیە گەر نەش کوژرابێتن ئەوا بە زۆر لەیەک دابرێنراون ، بۆیە من پێم وایە ئەم مەسەلەی رەدوو کەوتنە شێوازێکی زۆر شارستانیانەو مرۆڤانەیە بۆیە من داوا دەکەم لە گەنجەکانی کورد هەڵی گەرانەوەی نەریتی ئاینی ئێزدیی بدەن بۆ ناو کۆمەڵگاکەمان لە هەموو روویەکەوە لە ئیسلام باشترە، بەو هیوایەی گەنجەکان شۆرشێک بکەن لەپێناو بچوکترین خواستی مرۆڤانەیاندا

وە شتێکی دیش بە فاتمە خان بڵێم ئاینی ئیسلام ژن (النساء ناقص العقل والدین) دەداتە قەڵەم بەهۆی ئەوەی کە بە دوو ژن دەبنە پیاوێک ، ئێستاش دوو ژنی شاهید لە یاساکانی لای خۆماندا بەرامبەر یەک پیاوە، ئەمەش بە مانای وایە کە خودی پێغەمبەر دانی پێدا دەنێ ژن هێندەی پیاو عاقڵ نیە، وە بەهۆی سوری مانگانەشەوە ژن کەم دینە، بەڵام لای ئێزدیەکان ژن بەرامبەر پیاوەو ژن بەهۆی سوری مانگانەوە کەم دین نیە وە ژن وەک پیاو دەتوانێ ببێتە قەشە یان مەلا.

.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم زۆر لەمە زیاتر هەیە قسەی لەسەر بکەین بەتایبەت ئەو مەسەلەی رۆحی دۆنا دۆن لە کە رامانەکانی فیثاغۆرسی یونانیمان دێنێتەوە یاد، کە زاتی خوا لە گەردیلە دەچێ(ئەتۆم) و ئەم گەردیلەیە ئێزدانیەش لە گیانی هەموو مرۆڤەکاندا هەیە، بەڵام ئەمە هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکی دی و بۆ وەڵامەکەی فاتمە خان ئەوەندە بەسە. زانیاری زیاتر سەبارەت بەمە دەخەمە روو لەگەڵ تەواو کردنی لێکۆڵینەوەکەمدا، بەڵام بەلای منەوە گرنگە ئەوە بزانین، من کە میتۆلۆژی و زۆر لە بروایەکانی ئێزدی بە گرنگ دەزانم و پێم وایە ئەگەر خوێندنەوەی باشی بۆ بکرێ و لایەنە رووناکەکانی ئەو ئاینە بکرێتە سەرچاوەیەک بۆ گوتاری نەتەوایەتی و فێمێنیزمی کوردی.، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێزیدییەکان ، وەک هەر مرۆڤێکی کۆمەڵگای کوردی، دوورن لە کێشە و کاری خراپە. هاوکاتیش مانای ئەوە نییە کە ئاینی ئێزیدی هیچ خاڵێکی خراپی تێدا نییە. نەخێر مەبەستی من ئاوڕدانەوە سوود

[16] Maria wendt Höjer, Cicilia Åse s:16

وەرگرتنە لە زۆر لایەنی ڕووناکی ئەو ئاینە ڕەسەنەی  کورد. چونکە من پێم وایە ئاینی ئێدی زۆر بنەمای کراوە و باشی تێدا کە لە زۆر تێڕوانینی ئاینی ئیسلام مرۆڤانەترە. هەر بۆیە بە گرنگم زانیووە ئەو بابەتە وەک بابەتێکی رۆشنبیریی بورووژێنم.

---

سەرچاوەکان


1 – نحو معرضة حقيقية الديانه الايزيدية، دكتۆر خليل جندی

2– سەرنجدانێک لە میتۆلۆژیای کورد، دکتۆر جەمال نەبەز

3– بیری نەتەوەی کورد دکتۆر جەمال نەبەز

4 – مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا، ژیلا، ف، تەیفور

5–Politikens paradoxer, Maria Wendt Höjer, Cicilia Åse

6– ئێزدیەکان و رێ ورەچەکەیان دکتۆر صدیق بۆرەکەیی